کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 22:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەرکوک: تەگەرەوئەگەری نەگەڕانەوە ی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ... ئاریز سمکۆ حسێن

دیارە دەزانین ئێستە زۆرترین مانشێتی هەواڵی چ ناوەخۆ چ جیهانی وە چ ئەوانەی بایەخ بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدەن لەسەر کەرکوکە، وەچ وڵاتانی دەوورووبەریش هەیە بەجۆرێك هەڵوێستی نێگەتیڤانەیە بەرانبەر بەو پرۆسە دەستووریەی کەپێی دەڵێن ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك، دەبی بزانین لەباشووری کوردستانی بە تۆپزی بەعێراقی عەرەبی لکێندراو، هیچ شۆڕشێك هێندەی شۆڕشی ئەیلوول بەربڵاو و بنکە فراوان خاوەن جەماوەر نەبووە، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە کە مەلا مێگفی بارزانی بوو لەسەر کەرکوك سازشی لەگەڵ حکومەتی بەغدای ئەو کات نەکرد سەبارەت بەوەی کەکەرکوك لەنێوانیاندا دابەش بکرێت، ئاخر ئەمە داوایەکی ڕژێمی لەناوو چووی بەعس بوو، واتا بەکورتی نیوەی بەرهەمی نەوتەکەی بۆ بەغدا و نیوەکەی تری بۆ ناوچەی خۆجێی هەرێمی کوردستانی بن دەستی شۆڕشی ئەیلول بی، قسەی بی بنەماییە کە کێشەی کەرکوك لەسەر نەوتەکەی نییە وەکو هەندی لایەنی کوردی بۆی دەچن، ئەگەرنا عەرەبێکی کەربەلا چی بە کەرکوکی دەبەستێتەوە، یان گەر نەوت نەبێت چی ئەمەریکای لەوسەری دونیا هێناوە کە هەزاران کیلۆمەتر لێمان دوورە، ئایا ئەمەریکا لەبەر چاوی کاڵی ئێمەیە ئەم هەموو ڕێگاییەی بڕیوە.

کەچی دەبینیین سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی ئێستە، کە خاوەن دوو شۆڕشییشن، مەبەستم یەکێتی وپارتیە بۆ کەمی دەسکەوت و هەندی کورسی لەبەغدا، خەریکە لەسەر مەسەلەی کەرکوك سازش لەگەڵ برا عەرەبە چاوڕەشەکان و برا بەعسیەکانی تێنو بەخوێنی سەری کورد و مەلاجاشەکانی ئێراندا بکات، ئەمەم بەدروستی بۆ ڕوون بووە، کاتی ئەو لێژنەی کەبۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) لەمیانەی کۆبوونەوەکانیاندا بڕیاریان لەسەردا، کەگەڕانەوەی عەرەبی هاوردە بەئارەزووی خۆیان دەبێت واتە زۆرە ملی نییە بۆگەڕانەوەیان بۆئەوناوچانەی کەکاتی خۆی سەدام ئەوانی لی هێنابوون بۆکەرکوك، وە لەلایەکی تریشەوە دەبینین بەجۆرێك لەجۆرەکان مالیکی سەرۆك وەزیریش لە ئاست ئەم ماددە دەستوورییە زۆر کەم تەرخەمە وە لەکارەکانیشی دا سەبارەت بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك، ئەوەی کردۆتە مەرج کە گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە بە ئارەزوی خۆیان بێت، ڕاستە لەسەر هەندی خاڵ ئیمزای کردووە، وەلی جێگای نیگەرانییە، چوونکە جار بەجا سەرانی شیعە بە ئاشکرا دژی ئەم ماددەیە دەوەستنەوە، ئاییە ئەمە چ مانایەك دەدا، جگە لەبەربەست خستنە بەردەم ئەم ماددەیە، ئەمەی ئامانژەم پێدا سەرکردایەتی کوردیش پێی ڕازییە، چونکە وەزیرێکی حکومەتی هەرێم و لایەنە بەرپرسیارەکانی ئیدارەی کەرکوك کە زۆرینەیان کوردن لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، شایەنی گووتنە ئەم کۆبوونەوەی باسی دەکەم ماوەیەك لەمەوبەر لەکەرکووك لە تەلاری پارێزگا بەسترا، ئەمە پێش ئەوەی ڕازی کردنی برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان بێت، کەئێمە مەبەستمانە دڵە ناسکەکانیان لێمان نەتۆری، دۆڕانێکی گەورەی سیاسی یە بۆئێمەی کورد، ئەمەجگەلەوەی ووڵاتانی ئیقلیمیش تەگەرەی زۆر دەخنە پێش ئەم ماددەیە، ئەوەنییە تورکیای دراوسی کەئێمە بەدۆستی خۆمانی دەزانین بەبی ئەوەی ئەو بەدۆستمان دابنێت لەشکری کەمالیە تۆرانیەکانی لەسەر سنوور کۆکردۆتەوە وەناوە ناوە تۆپ لە گوندەکانی کوردستان دەگرێت.

نازانم بۆ سەرکردایەتی سیاسی ئێمە ئەوەندە بە سۆز (عاگفی) سیاسەت دەکەن، ئاخر لەسیاسەت هەرشتی هەبی سۆز نییە، لەسیاسەت دەبی هەوڵ بدەیت کە دەسکەوت زیاتر بەدەست بهێنیت وە بەرژەوەندییەکانی خۆت بپارێزی، سەرم سوڕماوە ڕەوتی سەدر بۆ نوسینگەی لەکەرکوك هەیە، کەئەم هێزە بەئازادانەش دەرییدەبڕن کە بەتوندی دژی گەڕانەوەی کەرکوکیشن بۆسەر هەرێمی کوردستان، تاکو ئێستا گوێم لێنەبووە لەبەسڕا یاخود لە کەربەلا و فەلوجە نوسینگەیەکی هاوپەیمانی کوردستان،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یاخود ناوچە یان کۆمیتەیەکی پارتە کوردییەکانی تێداکرابێتەوە. دەبی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەوەندە دەست و پی سپی بن بیرلەم هەڵوێستانەی برا عەرەبەکانیان نەکەنەوە.

نزیکەی سی ساڵ و نیو دەبێت کەرکوك ڕزگارکراوە، دەپرسم لەماوەی ئەوەندە کاتە چی بۆ کەرکوك کراوە، تاکو ئێستاش ئاوارەکانی کەرکوك زۆرینەیان هەروا لەسلێمانی و هەولێرن، وەبۆ پشت ڕاست کردنی ئەمەش، بچۆ سەیری ئاوەرەکانی دارەتوو وبنەڕێلاوە بکە وە بزانە چەندە یان گەڕاونەتەوە، وە ئەوانەی گەڕاونیشتەوە بەکولە مەرگی ولەنێو ترس دا دەژین. نازانم چی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك کراوە. وازلە شارۆچکەوناحیەکانیشی هەربێنە، ئەم پارتە کوردیانەی ئێستا لەکەرکوك هەن جگە لە کاری تەسکی بەرژەوەندی پارتاییەتی، چیان بۆکەرکوك کردووە، کا کامە ناوچەیان ئاوەدان کردۆتەوە، چەند بنکەی تەندروستی وچەند قوتابخانەیان کردۆتەوە، چ هەوڵێکیان داوە بۆبە فەرمی کردنی زمانی کوردی، ئێستاش برۆ بۆکەرکوکی قودس ودڵی کوردستان بۆنی تەعریبی لێدێت، وە کوردەکانی دانیشتووی ئەم شارە کوردییە، لەچ ترس وبیمێك دەژین.

گەر ئێمە گومانمان لە عەرەبەکان هەبی بۆ چارەسەرکردن وئاسایی کردنەوەی کێشەی کەرکوك، ئەوە با ئەم گومانانە بەراست تێبگەین، چونکە لەبەرژەوەندی هیچ هێزێکی عێراقی دانییە کە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە نییە بەربەست دەخەنە پێش جێبەجێکردنی مادەی (140) .

وە، لێرەو لەوی بەشداری کۆبوونەوە نهێنیەکانی دژ بەو ماددەیە دەکەن، جارێك عادل عبدالمەهدی دەربارەی کەرکوك لەگەڵ سەرانی تورکیا دەکەوێتە دانووستاندن وگفتو گۆوە، جارێك مالیکی لێدوانی خەتەرناك دەربارەی کەرکوك دەدات، جارێك ئۆردوغانی توورکمان هەڕەشەمان لێدەکات، دەپرسم ئاخۆ دەبی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، کەئەوەندە پەرۆشن دەربارەی کەرکوك، ئەم شارەیان پی شارێکی کوردستانی نەبێت، ئەگەر نا کوا چ هەڵوێستێکیان دەربارەی ئەم سەفەرانەولێدوانانە وەرگرتووە.

بەدرێژایەی مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کەرکوك زۆرترین پشکی ئازارو مەینەتیەکانی بەرکرتووە، ئەوە لەکەرکوك بوو شاڵاوە بەد ناوەکەی ئەنفال دەستی پێکرد لەناوچەی گەرمیان، ئەوە لەکەرکوك بوو کوردەکانی ئەوی بوون کە تەنی لەبەر کوردبوونیان تەعریب کران و قەڵاچۆ کران، جاسەیردەکەم کە هەڵوێستی سەرکردایە تی سیاسی کوردستان ئەوەندە کەمتەرخەم بێت لەهەمبەرچارەسەری کێشەی کەرکوك، دەپرسم دەبی بتوانن کەرکوك بگەڕێننەوە سەرهەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەری نەگەڕانەوەی هاتۆتە پێش.

دەبی بۆسەرخستنی ئەم ماددەیە هەموو هەوڵ و توانامان بەگەڕ بخەین، و هەندی بەسیاسەتانە مامەڵە لەگەڵ واقع بکەین، دەنا هەر دەبی لەدوورەوە بڵێین کەرکوك قودس و دڵی کوردستانە، ئەوەی لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە ئەوییە ئەو ماوییەی کە ماوە بۆ وادەی جێبە جێکردنی ئەم مادده دەستوورییە، واز لە سازش بێنن و بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم مادده دەستووریە بکەن، ئاخر لەو هەڵبژاردنانەی کە ئەنجام دراون لە کەرکوك، کورد زۆرینەن لەکەرکوك، ئیدی بۆسازشی لەسەر بکەین. وە پێتان دەڵین ئێمە دەتووانین بەبی کارەبا ژیان بگوزەرێنین، وەلی بەبی کەرکوك مەحالەبتوانین بژین، لەبەرئەوە چیتر بوار بەولایەنانە مەدەن کەبەربەست دەخەنە پێش جێبەجی کردنی مادده (140) ی دەستوور، وە ڕازیش مەبن لەسەردواخستنی ڕیفراندۆم، ئەگەر نا کەرکوکمان لەدەست دەچی، کە ساڵانێکە شەڕی لەپێناوی دا دەکەین وهەزاران ڕۆڵەمان لەپێناویدا بە شەهید داوا، وە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بشزانن مێژوو رەحم بەکەس ناکات، وە بەئێوەشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناکات گەر کەمتەرخەم بن لە ئاست لێپرسراوییەتیان دەربارەی ئەم خاکەو ئەم گەلە بەستەزمانەی کە بەس دەزانێت سەربلەقێنێت و چەپڵە بۆ سەرکردەکان لێبدات.

ـ سەرچاوە (ئاژانسەکانی هەواڵ) .

بیروڕای_ (ئاریز سمکۆ حسێن)
arezsmko88@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.